

## فرمێسک مستەفا:

# لەم کارە نوێیەمدا رزگارم بوو لە ئەکتەرێتی سەر شانۆ

**خانمە ئەکتەر فرمێسك مستەفا ئێستا لە دوایین کاری خۆیدا کە زنجیرە درامایەکە بە ناوی (ئەناهیتا) رۆڵێکی جیاوازتر لە رۆڵەکانی تر دەبینێت و وەك خۆی دەڵێت بەشداری کردنی لەم زنجیرەیەدا زۆر جیاوازە لە کارەکانی پێشوو، سەبارەت بەم زنجیرە درامایە و کارەکانی بە گشتی رووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوە کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** باست لەوە کرد کە رۆڵەکەت لەو درامایە تا رادەیەك جیاوازە، ئایا جیاوازییەکان تەنیا هونەرین؟**

- یەکەم جارە لەگەڵ هونەرمەندانی هەولێر کار بکەم، لەو روانگەیەشەوە بۆ من نوێیە. هەست دەکەم ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کارەکانمان هاوبەش بکەین و لە سنوری شارەکاندا دەربچین . بتوانین هەماهەنگ و تەبایی لە کارکردنەکانماندا ڕەنگبداتەوە و لەئەزموونی یەکتر سوود وەربگرین ، من خۆم چێژێکی تایبەتیم لێ وەرگرت . هەموو شتێک بە هێمنی و لەسەرخۆ ئەنجام ئەدرا. کەسایەتییەکانی کارم لەگەڵ دەکردن بە قوتابی و مامۆستاوە هەناسەیەکی پڕلە لێبوردەیی و خۆشحاڵی و سەرچاوەی لە دڵسۆزی و ئەمەکەوە بۆ هونەر کار دەکرا. لە درامادا، هەندێ کات، ئەکتەر وبەشدار بووەکان وەک میوانی هۆتێل دێنە بەرچاوم، کە هەریەکەیان لە ژوورێک دابەزیوون و بەیانیان بۆ نان خواردن لە چێشتخانەی هۆتێلەکە دەیان بینیت ..هیچ بەرکەوتەو پێوەندیەک دروست نابێت ئەوان دەڕۆن و دوایی چەند میوانێکی تر دێن لە بری ئەوان و بەیانیان هەمان شت دەیانبینیەوە. بەڵام لە هەندێ کاردا نەخێر هەموو پێکەوە وەک خێزانێک لەگەڵ یەکتر مامەڵە دەکەین و هەرکامان هێندەی خەمی خۆیانە خەمی هاوکاری بەرامبەریشیانە. من لەم کارەدا زۆر ئەمەم ئەدی . بێ لەوەی دەرهێنەر مامۆستا جانۆ لەبەر ئەوەی کەسێکی ئەکادیمییە، هەر تێبینیەکی هەبوایە لەسەر نواندن و مامەڵە کردنمان لە بەر کامێرا بۆی باس دەکردین مەبەستی چییە، چۆن بتوانین لەگەڵ کامێرایەکی بێ گیاندا گیانی پێببەخشین و وابزانین کەسی سێهەمە لەگەڵماندا نەک ئامێرێکی بێ گیان ..

*** ئایا لە رۆڵەکانی پێشووت ئازاد نەبووی؟**

-رۆڵەکانی پێشووم تەنیا بەرجەستە کردنی رۆڵێک بوو وەک ئەکتەر، بەڵام لەمەدا نەخێر گەڕان بوو بەدوای نهێنی بەر کامێرا و چۆن بتوانم بۆ شانۆ سوودی لێ وەربگرم، خۆم لە فۆکسی کامێراوە بگوازمەوە بۆ پانتایی شانۆ، جاران بەپێچەوانەوە کارم دەکرد، هەموو کارێکی دارما لە گرتەی مە شهەدی یەکەمدا، بەخۆم دەڵێم ئەمە دواکاری بەر کامێرامە، بەڵام لەم کارەدا ئاشنای کامێرا بووم و

خۆشمویست، بەتەواوی توانیم رزگارم بێت لە ئەکتەری سەر شانۆ. چونکە هەمیشـــە دەرهێنەرە سینەماییەکان و دراما تەلەفیزیونیە کان و ئەکتەرە شـــانۆییەکان لەو کێشەیەدان، کـــە ناتوانن خۆیـــان وەک ئەکتەری شانۆلەشـــانۆ جودا بکەنەوە، بۆیە دەرهێنەران کێشەیان هەیە لە گەڵیان، هەروەها ئەکتەریش هەیە لە ســـەر شـــانۆ وا ڕۆڵەکەی بەرجەستە دەکات، کە لە ســـینەمادایە یا خود لـــە ئاکاری تی ڤیەوە دەیبینێت ..

*** ئێســـتا لە ڤیدیۆ کلیپ و کورتـــە فیلمەکان دیاردەیەك بەرچاوە ئەویش ئەوەیە کە ســـیناریۆ و دەرهێنان و وێنەگرتن تەنیا یەك کـــەس پێی هەڵدەســـتێت ، پێتوایە هۆکارەکەی چییە؟**

- مـــن ناتوانم باس لەوە بکەم، بۆ وایە؟، چونکە من ئەو کەســـە نیم و لەگەڵی کاری هاوبەشم نییە تا هۆکارەکەی بزانـــم، بەڵام بە بۆچوونی من لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسی شارەزاو پســـپۆرمان کەمە لە و بوارەدا، بۆ یە پەنا دەبەنە بـــەر ئەوەی خۆیان هەموو کارەکە پێکەوە بە ئەنجام بگەیەنن.

*** ترسی ئەوە نییە لە دراما و شانۆش هەمان دیاردە بڵاو بێتەوە؟**

- لـــە درامادا ئەم دیاردەیـــە تارادەیەک دەکرێت هەبێت، بەڵام لە شانۆدا تەنیا دەتوانرێت لە مۆنۆدرامادا ئەوە ئەنجام بدرێت. یاخود دەکرێت نووســـەرەکە دەرهێنەر بێت یا ئەکتەر ئەمەش نەک هـــەر لەناو کوردا، بەڵکو لە جیهاندا هەبووە پیـنتەر یەکێک بووە لەو کەسانە.

*** ئێســـتا بینەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی رووی لە دراما بیانییەکان کردووە بە تورکی و کۆری و مەکسیکییەوە، چۆن دەتوانین جەماوەر بگەڕێنینەوە بۆ سەیر کرنی درامای کوردی؟**

- درامای کوردی پێویستە بێتە ناو کۆمەڵگەی ئێستەوە بەشـــێوەیەکی باوەڕ پێکراو، دەبێت بابەتە تەرح کراوەکان چ لە ڕووی هونەرییەوە چ لە ڕووی نووسینەوە واتە داڕشتنی درامییـــەوە کە ســـیناریۆکەیە. لە خەڵکـــەوە نزیک بن و جێگای متمانـــە یان بێت، کە دەڵێم من مەبەســـتم تاکی کۆمەڵگەیـــە کە زۆر گرنگە . گەر بشـــمانەوێت ڕابردوو هەڵبدەینـــەوە و میللەت بە مێژووی خۆمان بناســـێنین، یا ڕووداوێکی رابردوو بێت، دەبێت قەناعەت بە ئێســـتام بکەین کە منی تێدا دەژیم و بە ئێســـتای منیەوە ببەستیتەوە و لە ناوەوەی مرۆڤایەتی من بگەڕێیت و بیدەیتەوە پێم لە ڕێگای گێڕانەوەی مێژووەوە و منی ئێستا و ئەوەی ڕابردوو بکەیتە هاوڕێ و بەیەکەوە گرێمان بدەیت.

***هۆی چییە خەڵك رووی لەم جۆرە بەناو فیلمانە کردووە و بەردەوامن؟**

- خەڵک بە زۆری دەیانکڕن، دیارە خەڵکی پێیان خۆشە کە پێبکەنن، ئـــارەزووی ئەوە بکەن ئەوەش بەهەقی خۆیان دەزانـــم . بێگومان هەشـــە پێی خۆشـــە بزانێت هونەری ســـینەما، یا کورتە فیلمی کـــوردی بەرەو کوێ دەچێت و چ هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانەی ناوە یا لە بازاڕی فیلمـــی کوردیدا چی نوێ هەیـــە ؟؟ ئەمانە هەمووی ئاساییـن لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە . لە ئەڵمانیا کە دەچیتە کۆگای فیلمەکان کە هەمووی جیا کراونەتەوە، فیلمە تورکیەکان دیقەت دەدەم بەزۆری ئەوانە دادەنێن کە شـــەعبانی تێدایە یا کۆمیدین، چونکە دەزانن ڕەواجی زۆریان هەیە ئەوانیش لە بەر بازرگانی خۆیان تەنیـــا ئەو فیلمانە هاوردە دەکەن،، بەڵام بێگومـــان جێـــگای تایبەتی هەیە، بـــۆ ئـــەو کەســـانەی دەیانەوێت فیلمـــی نـــوێ و بابەتی نوێ ببینن، لە جێـــگای تایبەتیدا دەفرۆشرێت. ئەوانەی سەیری فیلمـــی کـــوردی دەکەن و لـــە بازارەکانـــدا دەیکڕن، دەگەڕێتـــەوە بۆ حەزیان بێ گومان، یا جۆری ئـــەو فیلمانە چین کە خەڵک لە بازاڕەکاندا بە زۆری دەیان کڕێت و ڕەواجیـــان هەیـــە. پرسیارەکە گەر وابێت دەتوانرێت دروســـت تـــر وەڵام بدرێتەوە. ئەوەی مـــن بزانم ڕەواجی کورتە فیلمە کۆ میدیـــە کا ن زۆرە. مـــن بەش بەحاڵی خۆم زۆر جارکە بە بازاڕدا دەڕۆم، دەنگیان بەرزکراوەتەوە لە جێگای سیدی فرۆشەکان ..



# گارنەر نازناوی باشترین دایک بەدەست دەهێنێت



بەپێی راپرسییەکی گۆڤاری (تودایز پارنت)ی کەنەدی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی جنێڤەر گارنەر نازناوی (باشترین دایکی لەنێو کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ساڵی ٢٠١٢) بە زۆرینەی دەنگی بەشداربووانی راپرسییەکە بە دەست هێنا.

گۆڤارەکە لە وتارێکی تایبەت بەم بۆنەیەوە نووسیویەتی و دەڵێ: خۆشحاڵین کە ناوی باشترین دایك رابگەیەنین بۆ ساڵی ٢٠١٢ بە پشت بەستن بە دەنگدانی خوێنەرەکانمان ئەویش ئەستێرەی سینەمایی جنێڤەر گارنەرە کە زۆرترین دەنگی بە دەستهێناوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە و ئێمەش خۆشماندەوێ، جنێڤەر گارنەری تەمەن ٤٠ ساڵ دایکی سێ منداڵە کە تەمەنیان ٧و ٣ ساڵ و یەکیان ١٠ مانگە لە بین ئەفلیکی هاوسەری.

گۆڤارەکە ئەوەشی راگەیاند هەڵبژاردنی گارنەر بۆ ئەم خەڵاتە لە ئەنجامی گرنگیدانی زۆری ئەو ئەکتەرەیە بە منداڵەکانی سەرەڕای ئەنجامدانی کاری نواندن زۆر بە باشی، هەر لەم راپرسیەدا ریز ویزەرسپۆن بە پلەی دووەم هات و هەر یەکە لە بیونسی و جیسیکا سیمبسۆنی گۆرانیبێژ و جیسیکا ئەلبای ئەکتەر لە پلەکانی دواتر هاتن.



# ئەم جارە وێنەکانی برێتنی هەرای نایەوە

برێتنی سپێرزی ئەستێرەی جیهانی بەشێوەیەکی تایبەت پیرۆزبایی ساڵی نوێی لە جەماوەر و هەوادارانی خۆی کرد لە سەرتاسەری جیهان و وێنەیەکی خۆی بڵاوکردەوە و لەژێرەوەی چەند دێڕێکی نووسی و هیوای خواست ئاشتی و خۆشەویستی باڵی بەسەر جیهاندا بکێشێت و هەموو لایەك بە ئاسوودەیی بژین.

بەڵام برێتنی بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەم پیرۆزباییە بەم جۆرە رەنگدانەوەیەکی سلبی دەبێت لەلایەن جەماوەرەکەیەوە بەتایبەتی ئەوە وێنەیەی کە بڵاوی کردۆتەوە، چونکە وێنەیەکی خاڵی بوو لە جوانی و سەرنجڕاکێشان کە برێتنی پێی ناسراوە و بەو شێوەیە شوێنی خۆی لە دڵی ملیۆنان کەس کردۆتەوە لە سەرتاسەری جیهان.

لە وێنەکەدا برێتنی کراسێکی سوور و کڵاوێکی گەورەی پۆشی بوو لەگەڵ چاکەتێك کە لە چەند رەنگێك پێکهاتبوو و چاویلکەیەکیشی لە چاو کردبوو بۆیە جەماوەر و هەوادارانی بە ئافرەتێکی سادەی دانیشتووی لادێ و جوتیارەکانیان چواند.

# خۆشەویستەکەی تایلۆر بێ تاوان دەرچوو



داواکاری گشتی ئەمریکا ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە کە لەلایەن تایلۆر سویفتەوە درا بوونە پاڵ ئەو کەسەی هەوڵیدا بوو بەشەو بچێتە ماڵی و خۆی وەك خۆشەویستەکەی نیشاندابوو.

ماڵپەری (تی ئێم زێد) لەم بارەیەوە رایگەیاند کە دادوەری گشتی بڕیاری داختستنی هەموو ئەو تۆمەتانەی دا کە خرابوونە پاڵ جایکۆب کۆلکیی تەمەن ٢٤ ساڵ، دوای ئەوەی دەستگیرا کرا کاتێك دەیویست بە شەو بە نهێنی بچێتە ماڵی تایلۆر سویفت لە ناشڤیڵ، ئەو کات کۆلکی بە پۆلیسی راگەیاند بوو کە خۆشەویستی تایلۆرە و بە پاسێك لە وسیکۆنسۆنەوە تەنیا بۆ بینینی هاتووە، سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد دوای ئەوەی تایلۆر حەزی نەدەکرد بەدواداچوون لەسەر کێشەکە بکات، دادوەر بڕیاری دا ئازاد بکرێت.

# جنێڤەر بە شوفێرەکەی دۆڕا

دادگای لۆس ئەنجلۆس داوایەکی یاسایی جنێڤەر لۆپێزی ڕەتکردەوە کە دژی هاکۆب مانۆکیانی شوفێری پێشووی خۆی بەرزی کردبۆوە و بە ئیهانە کردن و هەڕەشە لێکردن بە ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی تاوانباری کردبوو.

جنێڤەر لە داواکەیدا دەڵێت: هاکۆب داوای بڕی ٢،٨ ملیۆن دۆلارم لێدەکات ئەگەر پێی نەدەم ئەوا نهێنییەکانم ئاشکرا دەکات، شەڕی نێوان لۆپێز و هاکۆبیان لە مانگی نیسانی ڕابردوو دەستی پێکرد کاتێك جنێڤەر بە بەزاندن و سەرپێچی کردن لەو گرێبەستە تاوانباری کرد کە لە نێوانیاندا هەبوو ئەمەش دوای ئەوەی ناکۆکییەك لە نێوان هاکۆب و بنی میندیای بەڕێوەبەری کارەکانی جنێڤەر پەیدا بوو و ئەم ناکۆکییە بەردەوام بوو تاکو لە مانگی ئابی ڕابردوو داوایەکی دژی شوفێری پێشووی خۆی بەرز کردەوە و داوای بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاری کرد وەك قەرەبوو لە ئەنجامی هەڕەشە کردنی ئاشکرا لێی بە ئاشکرا کردنی نهێنییەکانی.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە ماڵپەری «E! News» دەستی کەوتوون هاکۆب دژە داوایەکی بۆ دادگا بەرز کردۆتەوە لە دادگای کالیفۆرنیا و تێیدا دەڵێ: لۆپێز ناچاری کردم دەست لە کار بکێشمەوە دوای ئەوەی میندینا ئیهانەی کردم و پێی گوتم تۆ تەنیا شوفێری جنێڤەری کە ئەمەش پێچەوانەی گرێبەستەکەی نێوانمانە و من بە سەرۆکی تیمی گواستنەوە و پاراستنی کەسیم نەك تەنیا شوفێر، هەر ئەمەش بوو وایکرد کە دادگای لۆس ئەنجلۆس داواکەی لۆپێز ڕەت بکاتەوە .





## بەریتانییەکان لووتی وەک (میدلتۆن)یان دەوێ

کیت میدلتۆنی هاوسەری شا ویلیامی کە ریزبەندی سێزدەهەمە لە خێزانی شانشینی بەریتانیا، ئێستا بووەتە خۆشەویستی بەریتانییەکان و خەریکە ئەم خۆشەویستییە دەگاتە ئاستی خۆشەویستییان بۆ شازادەی کۆچ کردوو دایانا، تەنانەت ئێستا شێوەی لووتی میدلتۆن بووەتە مۆدەی نەشتەرگەریەکانی جوانکاری لەو وڵاتە.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (کلۆزیر) ی فەرەنسی بڵاوی کردەوە بەپێی توێژینەوەیەك کە یەکێتیی پزیشکانی جوانکاری بەریتانی ئەنجامیداوە، دوای ئەوەی میدلتۆن هەواڵی دووگیانیی خۆی راگەیاند ئێستا بووەتە یەکێك لە خۆشەویستترین کەسایەتی لە بەریتانیا و ئەو خۆشەویستییە گەیشتووەتە رادەیەك کە زۆر لە کچە بەریتانییەکان داوا لە پزیشکانی جوانکاری دەکەن لووتیان وەك لووتی میدلتۆن لێبکەن. شایەنی گوتنە جگە لە لووتی، ئێستا میدلتۆن لەلایەن کچانەوە بە نموونەی جوانی دادەنرێت و زۆر لە کچان لە جلوبەرگ و گۆرەوی و پێڵاوەکانیان لاسایی ئەو دەکەنەوە.



شەیدا حیسامی دەرهێنەری فیلمی بەڵگەنامەیی:

# سیستمێک نییە بۆ دابینکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی فیلم

**شەیدا حیسامی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی فەرەنسایە و چەندین ساڵە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمی بەڵگەنامەییە، سەرەرای کاری رۆژنامەوانی، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە باسی لە گرنگی و چۆنیەتی بەرهەمهێنان و شێوە و گرفتەکانی ئەم جۆرە لە فیلممان بۆ دەکات.**

*** سەبارەت بە فیلمی دیکیومێنتاری لەسەرتاسەری جیهان گرنگی پێدەدرێت، گرنگترین خاڵە پێویستەکان یان مەرجەکانی چین؟**

- مێژووی سینەمای بەڵگەنامەیی هاوکاتە لەگەڵ مێژووی سینەما و سەرهەڵدانی سینەمادا، یەکەمین فیلمەکانی دروستکراو لە هەر ناوچەیەکدا بەڵگەنامەیین.

ژان پرێ دەرهێنەری سویسری دەڵێت: باشتر وایە بە سینەمای بەڵگەنامەیی بڵێین، سینەمای واقیعگەرا. ماهییەتی حەقیقی ئەم سینەمایە، شیکردنەوەی ئەو باسانەیە کە مرۆڤ لە (واقیع)دا پێی ژیاوە.ئەم سینەمایە قۆناغ بە قۆناغ لە هەموو ساتەکاندا لە دۆخە حەقیقییەکاندا دوای مرۆڤ کەوتووە. دەرهێنەر ئاڵۆزییەکان ئاشکرا دەکات و دوایی دەیکات بە وێنە.

لە کۆتایی پەنجاکاندا، شەپۆلێکی نوێ دێتە کایەوە، دەرفەتی رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵک و ژیاندا دەستەبەر دەبێت، کامێرای ملم دێتە بازاڕەوە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و دەتوانی بیخەیتە سەرشانتەوە،بەڵام دواتر کە فیلمی بەڵگەنامەیی دەچێتە ناو تەلەفزیۆنەوە و دەبێتە بەشێکی تایبەت، ژانرەکانیشی دەگۆڕدرێن، و بە واتایەکی دیکە، کلێشەیی دەبن.

خاتوو شەیدا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: ئێمە زیاتر لە ٥ ژانرمان بۆ ئەم سینەمایە هەیە، بۆ پۆلێنکردنیان، بەڵام پەیوەندییان بە جۆری بابەت و زەرورەتیان لە ناو کۆمەڵگا و پێگەی جوگرافی و کەلتووری و سیاسەتی کەناڵەکان و چۆنییەتی دەرخستنی مەسەلەکان و دواجار پەیوەندییان بە جەماوەرەوە هەیە کە لەو کاتەدا چ شتێکت لێ داوا دەکات.

لە رووی فۆرمەوە: فۆرمی چیرۆک ئامێز و نا درامیمان هەیە،چوار جۆر فۆرمی سەرەکیمان هەیە لە چوارچێوەی فۆرمی نادرامی: کاتێگۆری، وتار ئامێزانە، ئەبستراکت و لە پێشخان، جگە لەمانەش فۆرمیتر هەیە، وەک: فێرکاری، سیاسی، ئەزموونی....

دەکرێت لە فیلمێکدا چەند جۆر فۆرم بە کار بێت، بەڵام هەمیشە فۆرمێک خۆی بەسەردا زاڵ دەکات،دوای دروستبوون و پەرەسەندنی تەلەفزیۆن، هەموو کەناڵێک

بـــۆ دابەشـــکردنی بەرنامەکانی هەنـــدێ تایبەتمەندی و ســـتراتیژی هەیـــە کـــە گرنگترینیان سیاســـەتی ئەو کەناڵەیە.

سیاســـەتی کەناڵەکانیش لەســـەر چەند ئاراستە پۆلێن بەنـــدی دەکرێـــن: کەناڵی حکومی، ئەهلی، گشـــتی، تایبەت و حیزبی.

ئەم کەناڵانە لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ رەچاوی پرەنسیب بکەن کە قابیلی گۆڕان نییە.

لە وەڵامی پرســـیارێکدا کە چـــۆن درک بە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بکرێت، شـــەیدا دەڵێت: ئەم تایبەتمەندییانە زۆرن بەڵام دەکرێت لە پێنج دانەدا کۆبکرێنەوە:

١- فیلمی بەڵگەنامەیی پێویستە لە بابەتێکی حەقیقی بە شـــێوەیەکی (نا دراماتیک) واتە بەبێ بەکارهێنانی کاراکتـــەری پرۆفێشـــناڵ، بـــێ دیکـــۆر، و مەکیاج .چیرۆکێکت بۆ بگێڕێتەوە.

٢- رووداوەکە پێویستە لە دنیای واقعیدا نیشان بدرێت.

٣- نابێ حەقیقەت دووبارە دروســـت بکرێتەوە، هەڵبەت لـــەم خاڵەدا رای دژبەیەک و ناکۆکی هەیە، بۆ هەندێ لە تیۆرەناسەکان فیلمی بەڵگەنامەیی و دەرهێنەران جێی گومان و دوودڵییە.

٤- مەبەســـتی سەرەکی پێویســـتە عەینیەت بێت واتە ئۆبجێکتیڤیتی بێت.

٥- تا دەکرێت لە حەقیقەتەوە نزیک ببێتەوە، بە شێوەیەک کە ســـەرچاوەو بواری شێوە پەیداکردنی حەقیقەت نمایش بکات.

ژان لووک گۆدار دەڵێت: فیلم نمایش کردنی حەقیقەت نییە، بەڵکو حەقیقەتی نمایشکردنە.

ســـەبارەت بە ڕێگاکانی ناسینی فیلمی بەڵگەنامەییش، شـــەیدا دەڵێـــت: چەنـــد ڕێگایەکمان هەیە،لـــە ڕێگەی بابەتەکەیەوە، یان ئامانج و ڕوانگە و گۆشە نیگاکانییەوە، یان شکڵ و فۆرم و بونیادی دروستبوونیەوە، یان تەکنیکی، یان ئەو ئەزموونەی کە بە وەرگری دەگەینێت.

بەرلە هەموو شـــتێک دەبێت بیرۆکەیەک هەبێت، ئەو کات سکرێپت دەنووســـرێت، کە دەکرێت کورت یان درێژ بێت، سادە یان ئاڵۆز بێت، بەڵام باشترینی کورت و سادەیە. دواجار ئەم پرسیارانە دێتە ئاراوە:

ئامانجی ســـەرەکی چییە بۆ دروســـتکردنی؟ بابەتی ســـەرەکی چییە؟چ پەیامێک دەگەیەنێـــت؟ وەرگرانی پەیامی ئەم بابەتە چ کەسانێکن؟ جەماوەر و وەرگرانی تا چ رادەیەک زانیارییان ســـەبارەت بەم بابەتە هەیە؟ خاوەن بیرۆکەکە چۆن دەیەوێت کار بکاتە سەر جەماوەرەکەی؟ کەرەسە و تایبەتمەندییە تەکنییەکانی فیلمەکە کامانەن؟ بوودجەکـــەی چەندە؟ راوێـــژکاری تەکنیکی کێیە؟ چ کەسێک دوا وتە دەڵێت؟

دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرســـیارانە یارمەتیدەرمان دەبێت تاکو بەرەو ئاراستەیەکی گونجاوتر بڕۆین.

خاتوو شـــەیدا پێیوایە قسە کردن لەســـەر ئەم بابەتە لە کوردســـتان ئاســـان نییە و دەڵێت: ماوەی چوار ساڵە زۆر ئاگام لەو فیلمانە نییە کە لە کوردستان دەردەچن، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لە ســـاڵی ٢٠٠٨ لەسەر پێگەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری کردوومە، چەند شـــتێکم بۆ روون بۆوە وەك: لەم لێکۆڵینەوەیەدا لیستی بەرنامەکانی یەک مانگی کەناڵێکی کوردیم بـــەکار هێناوە، ناوی ناهێنم، چونکە بە دڵنیاییەوە ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

سەعاتی پەخشـــکردنی بەرنامە گشتییەکان لە ماوەی یەک مانگدا: ٦٧٩ کاتژمێر بوو.

ماوەی پەخشـــکردنی فیلمە بەڵگەنامەییەکان هەر لەو مانگەدا: ١٧ کاتژمێر بوو.

لە کۆی ئەم ماوەی پەخشـــکردنانە کە ٦٩٦ کاتژمێرە، تەنها ڕێژەی٤٤ لە ســـەدی بـــۆ بەرنامەی بەڵگەنامەیی بوو.ئەو گرفتانەی کە تووشـــی بووم لـــە بەرهەمهێنانی فیلمەکانمدا لە کوردستان:

یەکەمین گرفتم، نەبوونی ئەرشـــیف بـــوو. گرنگترین کەرەسەی دروســـتکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی، ئەرشیفە کە نەبوو، کارەکەت لەق دەکات، ناتوانی خۆت دروستی بکەیت. راســـتە کە خودی فیلمـــی بەڵگەنامەیی دەبێتە ئەرشیف لە ئەنجامدا، بەڵام بۆ دروستبوونی هەر پێویستی پێیەتی.

دووەم، نەبوونی سیستێمێکی دیاریکراوە بۆ دابینکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی.

ســـێیەم،نادیار بوونـــی سیاســـەتی کەناڵـــەکان بـــۆ پەخشـــکردنییان، هەر بە شـــێوەییەکی گشتی سیاسەتی کەناڵـــەکان نادیارن، بۆیە کار کردن لەگەڵیاندا ئاســـان نییە.

پێویســـتە ئاماژە بە نەبوونی بەشی ئەکادیمی بکەم بۆ دەرهێنانی فیلمی بەڵگەنامەیی، کە بۆیە ناتوانیت گلەیی لە هیچ دەرهێنەرێکی ناشارەزا بکەیت.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە گرنگی و چۆنییەتی ڕێکخستنی فیستیڤاڵی تایبەت بەم فیلمانە لە کوردستان، خاتوو شەیدا حیسامی دەڵێ:

فیستیڤاڵی فیلم لە هەموو حاڵەتێکدا پۆزەتیڤە، تەنانەت ئەگەر خراپیش بێت، چونکە کلتوور دروست دەکات، راستە دەکرێت بڵێین ئەی لەو حاڵەتەدا کلتووری خراپ دروست دەبێت، هـــەر دەڵێم پۆزەتیڤە،پێش ســـاڵێک بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم نووســـی و ناردم بۆ چەنـــد کەناڵی جیاواز، بەرنامەیەک کە چۆنییەتی ڕێکخستنی فیستیڤاڵەکان لە فەرەنسادا نیشان دەدات، لە ناو پرۆپۆزەلەکەمدا، نموونەکەم، چۆنییەتی ڕێکخستنی فێستیڤاڵە. بە داخەوە ئەو پڕۆژەیە لە لایەن هیچ کام لەو کەناڵانە قبوڵ نەکرا، هەر کامەیان وەڵامێکیان هەبوو، هەندێکیشیان هەر وەڵامیان نەبوو،چونکە نایەوێت بزانرێت فێســـتیڤاڵێکی فیلمـــی بەڵگەنامەیی لە فەرەنسادا چۆن چۆنی ڕێکدەخرێت.



**پرۆفایل**

**- ساڵی ١٩٧٧ لە شاری سنە لە دایکبووە ،.**

**لە ساڵانی ١٩٩٦ - ٢٠٠٨لە کوردستان ژیاوە.**

**- کۆمەڵێـــک کتێبـــی وەرگێڕاوەتـــەوە ســـەر زمانی کوردی، وەک (چۆن لەگەڵ منداڵەکەمـــدا رەفتار بکەم) ، (جەســـتەی ژن، رۆحی ژن)، (یەکەمین ترپە ئاشـــقانەکانی دڵم، نامەکانی فروغ فەرۆخزاد) و چەند کتێبێکی تر.**

**- ســـاڵی ٢٠٠٥ بەشـــی چـــاپ و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نـــەوا دادەمەزرێنێت، و لەوێدا، گۆڤاری (ســـێڤ) دەردەکات لەگەڵ چەند نووسەرێکی تردا، وەک (شێرزاد حەسەن).**

**- بەشـــی راگەیانـــدن لـــە زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات، و لە ســـاڵی ٢٠١١ ماستەری لە بەشی راگەیاندنی زانکۆی سۆربۆن وەردەگرێت، دوابەدوای وۆرک شـــۆپێکی پرۆفێشناڵ لەلایەن (هۆرێـــن غەریب) لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بۆ دەرهێنانی فیلمی دۆکیۆمینتری، خۆی لەم بـــوارەدا دەدۆزێتەوە، و تا ئێســـتا نزیکـــەی ٥ فیلمـــی دەرهێناوە.**

**-لـــە فیلمـــی (خانـــم) لە فێســـتیڤاڵی تەواردا، خەڵاتی باشترین دەرهێنان وەردەگرێت.**

**-ئێســـتا لە پاریـــس دەژی سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی فیلمێکـــی بەڵگەنامەییـــە بۆ بەهاری ئەمساڵ.**